**سیره: ١**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

پێش ویلادەی پێغەمبەر باسی طەبیعەت و بیئەممان کرد، جوغرافییەتی مەکان کەبیئە چەند تەئسیری هەیە لەسەر ئینسان، بیئە صیاغەی ئینسان دەکا، ئینسان دروست دەکا بیئە، ئەثەری ئەحداث سیاسی، ئیقتیصادییات، ئیجتماعییات هەموو وەلیدی ئەو بیئەیەنە، ئینتاجی ئەو بیئەیەنە، ئینسانیش لەناو ئەو بیئەیە دەژی، چەند موتەئەثیرە بەو بیئەیە؟

بەتەفصیل باسی ئەوەمان کرد کە جەزیرەی عەرەب جوزئەك بوو لەو کورەی ئەرضە ئەو مەشاکیلانە لەسەر ئەرز مەوجود بوون لەوێش ڕەنگی دابۆوە، مەشاکیلی ئیقتیصادی بەینی ئیقتیصاد پارە و زێڕ و زیو لە دەست فیئەك طەبەقەی عوضمای موجتەمەع، میللەت هەموی دەستی کورت و فەقیر، نەفسی فیئە لەگەر فیئەکی کەم و وەکی خۆی ظاڵم ئەمما نەك بە بوعدی ئیقتیصادی بە بوعدی سیاسی ئیتیفاق بەیەکەوە گرتن لەبۆ مژین و ئیمتیصاصی هەرچی تەڕاییەك هەبوبی لەموجتەمەع بە بوعدی ظوڵمی سیاسی ئەوانیش ئیقتیصادی، لە هەموشیان موهەیمینتر گوتمان قوڕەیشیەکان بوون، لەوە طەبەقات دروست بوو، طەبەقەکی گچکە ئەمما صاحێب سەیطەڕە و ئیمکانیات، صاحێب قەوانین و نیظام، صاحێب شوڕطە و عەسکەر کە ئەویش دەولەمەندەکان بون لەگەر سیاسیین، طەبەقەکی گەورە و ضەخمیش لە مەسحوق و کرێکار و بەستەزمان و فەقیر و هەژاری میللەت.

ئەثەری ئەو بیئەیە لەسەر ئینسان نوقطەی سێیەم ئەوە بوو وجودی جاریاتی غەیری عەرەب لە جەزیرەی عەرەبی، جالیەی یەهودی کە گوتمان عەدەدەکی کەم بوون، ئینسانی زیرەك و تێگەیشتیان تێدا مەوجود بوو هەتا ئیجتیماعییەن و ئیقتیصادییەن موسەیطر بوون، ئیحتیکاکیان لەگەل عەرەب کەم بوو، سیاسییەن ئەوان ئیدارەی جەزیرەی عەرەبیان دەکرد و موهەیمن بوون، موسەیطر بوون لەسەر سیاسە دانان، پاشان جالییەی مەسیحی عەدەدیان زیاترئەمما عەرەب بوون ئیحتیکاکیان هەبوو لەگەر عەرەب، ئیجابیاتی ئەو عەرەبانە تەئسیری لەوان کردبوو ئەوانیش تەئسیریان لەعەرەب کردبوو، ئەثەری وانە سلبەن کەم بوو لەسەر جەزیرەی عەرەب، جەزیرەی عەرەب لەو هەموو ئەحداثانە.

نوقطەی چوارەم: کە بەحسمان کرد بوعدی دینی مەککە کە وەختی خۆی حەزرەتی ئیبراهیم دروستی کردبوو، بە ئیفاد لە قودسەوە هاتە ناو مەککە وە لەوێ بە خەریطەی ڕەبانی ئەو بینائەی دروست کرد کە ئێستا ناوی کەعبەیە، ئەویش لەبۆوەی ببتە مەثابە، مەثابە یەعنی مورتەکەز، کو ئێستا قەڵا مورتەکەزە لەبۆ شاری هەولێر باری تەعالاش مەثابەك جێیەکی ئەوهای دەوێت لەسەر کورەی ئەرز بە ماددە ئینسان تەوەجوهی لەبۆ بکات، قەلبەن ئیرتیباطی لەگەر هەبی، کەعبە

حەزرەتی ئیبراهیم دروستی کرد لەبۆ ئەو هەدەفەی، ئەثەری دینی پاشان وجودی ئیعجازی زەم زەم کە لەبن پێی حەزرەتی ئیسماعیل، بە تەفصیل ئەوانەمان هەموو بەحس کرد.
ئەورۆ دێین ئەثەری دینی ئەو مەوضوعانە یەك بوعد مابوو، بوعدی دینی ئەطرافی جەزیرەی عەرەبی، جەزیرەی عەرەبی لە شیمال گوتمان دوو مەنطقە سنوریتی حدودیتی ئەویش فارس و ڕوم: فارس دینەکی لەناو بووە ناوی زەردەشت بووە، زەردەشتیش وەلیدە لە مەزیجەکە، تێکەڵ بوەکە لە دینی نەبیەك لە ئەنبیائی قەدیم لەگەڵ عیبادەتی ئینسان، پاشان ئەو زەردەشتیە بابەکی و مزدەکی لێ پەیا بووە، وەکو فکری تەحەڕوڕی لە ئەخلاق و ئینحیلال و ئیجتماعییات و ئەوانە نەمینێ، ئیقصتیادییات نەمینێ وەکو فکری شوعییەت تەقریبەن، ئەوە وەلیدی زەردەشتی بووە لە زەمانی پێشی ویلادەی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم، ئەوە مەوجود بووە موسەیطر بووە لەسەر موجتەمەع کەوەی لێ کردیە فیعلەن ئەثەرەکی مەظالیم و زۆرداری زۆرببی لەناو موجتەمەع، بەناوی بوونی طەبەقەکی دینی حوکوم دەکا، هەرچی پارە و سەرمایەداری هەیە لەبن دەستی ئەو طەبەقەیەی وە میللەتیش دائیمە لە ئەشکەنجە و ناخۆشی دابوبی، نەفسی حال لەناو مەنطقەی فورس مەوجود بووە، فورس و مەناطقی موستەعمەری فورس وەکو مەنطیقەی غەساسینە یاخود مەناذیرە کە عیراقی بوینە، کوفە و ئەو مەنطیقانە هەموو عایدی فورس بووە، جاشی فورس بووینە، ئەو مەنطیقانە نەفسی نیظام هی ئیقتیصادی و دینی لەسەریان زاڵ بووە.
ڕومیش دەرسی پێشترێ لەقطەکمان بەحس کرد، تەکلیف مەسیحی کە دینی تەوحیدی رب العالمین بوو کو یەهود تانی تەحویلی بکا لەبۆ دینەك صەنەمی صەنەمییەت؟ حەزرەتی عیسا مەقامی ربوبیەتی بدرێتێ کەخەریتەی جوو بوو.
دەرسی پێشتر بەحسمان کرد، فە ئەو دینە دیسان بەدەست طەبەقەك بی صاحێب سوڵطە و ئیمکانیە و دارایی و پارەی لەدەستبی، بەواسطەی دین ضەخط بیێختە سەر موجتەمەع، موجتەمەعیش دینەکی فاسد، دینەکی موشەوەهـ بەناوی الله ظولمی لێبکرێ و سەحب بکرێ، ئەو حالەتە مەوجود بوو لەجەزیرە و دەوروبەری جەزیرە، هەموو کوڕەی ئەرض بە حالی مەعنا هاواری بوو باری تعالی ئینقاضی بکا.
باری تعالی) ٠ یەك لەصیفەتەکانی ئەوەیە کە ئینسان ئیهمال نەکا، کە ئینسان تەرك نەکا لە چی لە ظەلاڵ، حوببی خوای لەگەر ئەوەیە ئینسان لەبۆ هیدایەت بێ دائیمەن لەبۆ هەموو بەشەر، لۆیە لەهەموو زەمانەك لەهەموو مەکانەکیش ئەگەر رەسولی نەناردبی نەبی ناردیە لەبۆ تەبلیغ لەبۆ تەبینی مەفهومی مەقصودی الله لەبۆ بەشەر، ئەو نەبییە ئەو رەسولە عەممودی لە (الله)ی وەرگرتیە دایتیە بەشەر لە بۆوەی فیعلەن ئینسان لە ظولومات دەربچی لەبۆ هیدایەت و نور، ئەوە ویستی (الله)ی بووە

ئەوە ئیرادەی الله بووە لە هەموو زەمان و مەكانەك وەتی كەون مەخلوقە، باری تعالی ئەو حالەتە دەبینی لەجەزیرەی عەرەب و لەسەر كورەی ئەرض، حەزرەتی عیسا چار سەدو قسور سالە صعودی كرد لەبۆ ئاسمان ئائەو حالەتە مەوجودە دەبی بەشەریەت لەوتیهەی لەو ظەلالەی دەربچی، ئەوە واجبی باری تەعالایە لەسەر خۆی دانایە بەنسبەت وجود.

ئەها بەحسی كلیمات الله كەونییە و شەرعییەمان كرد، كە ئەو كەونە هەمووی موندەمیجە و بەیەكەوە بەیەك قانون هاتتە خوارێ هەمووی ڕیسالەی خۆی ئەدا دەكا بەس بەشەر مایە، لەو فەترەیەی باری تەعالا بەجێ ناهێلی بەشەریش ئەوها بەو ظەلالەی دابڕوا حوججەی هەبیت ئەو بەشەرە، رۆژی قیامەت دەرێ یارەبی لۆ دەمهاوێیە جەهەننەم بەبێ ئەوەی ڕەسول و كیتابت ناردبی؟ باشترین حەل لەبۆ بەشەریەت ئەوە بووە محمد بەهەموو مەعنای ذات و ڕیسالە بنێری لەبۆ ئەو بەشەریەتە، ئەمما (محمد)یش ئەوها بەبێ موقەدیمە بەبێ ئیرهاصات نەهاتیە، پێشی وی مەجموعە شتەك بووە یەك لەوانە ئیعدادی ڕەبانی حەتا لەناو كوتوبی سەماویش بەنسبەت هاتنی ئەو موحەمەدەی، مەثەلەن تەورات، ئینجیل، زەبور، صوحوفی ئیبراهیم ئەوانە هەمووی ئیعدادی بەشەرییان كردیە، لۆوەی بەشەر جیلەن عەن جیل مەفهومی ئیجادی محمد یان وجودی محمد یان ئیمان هینان بە محمد ببی لەمێشكیان، ئەگەر هاتوو محمد وەلەو فوجئەتەنیش پەیابوو نەبیەكە تەبلیغی ئوممەی خۆی كردبی ئائەوە (محمد)ەكە بوو كەبەحسم دەكردن لەبۆتان،(وإذ أخذ الله میثاق النبیین لما آتیتكم من كتاب وحكمة ثم جاءكم رسول مصدق لما معكم لتؤمنن به ولتنصرنه قال أأقررتم وأخذتم على ذلكم إصري قالوا أقررنا قال فاشهدوا وأنا معكم من الشاهدين)(آل عمران ٨١)، هەموو ئەنبیاء هەمووی كوتلەك لە ئەنبیاء طەبعەن ئەنبیاء لە ڕوسول كەمترە، یەعنی ما عەدای ڕوسول حەتتا ئەنبیائەكانیش باری تەعالا جەمعی كردینە لە یەك مەقام لەیەك جێ، هەمووی چەند ئەنبیاء هەبووبی، ئەوجە عەرض و میثاقی لێ وەرگرتینە، هەموو مۆریان كردیە تەوقیعیان كردیە ئەگەر هاتوو محمد هات بەدووشت:

یەكەمین ئیمانی پێ دەینین.

دووەمینیش نەصرەتی دەدەین.

ئیذەن هەموو ئەنبیاء باری تەعالا تەوفیقی لێوەرگرتینە كە موئمین بن بە محمد یەعنی تابیعی محمد بن، ئەوە ئیعدادەك بووە ڕەبانی بەنسبەت هاتنی پیغەمبەری صلى الله علیە وسلم، طەبعەن لە قورئانیش مەوجودە ئەوە پێویست بە تەوضیحات ناكا لەبوعدی واقیعی.

بەحسی ئەوەمان كرد حەزرەتی ئیبراهیم ئیفادكرا كە پێغەمبەر بوو لەبۆ مەنطیقەی لە قودسەوە لەبۆ مەككە، خەریتەی ئەوەندە بوو ئەو عائیلەیە ئەو مندالە ئەو داكە لەوێ بەجێبێلی و بڕوا، پاشان لەبەر ئینحیصاری مندال، لە تێنان باری تعالی حەزرەتی جوبریلی نازل كرد ئا ئەو زەم زەمە كە ئەو

ئاوەیە لایەزال مەوجودە لەناو كەعبە، لەناو بەیت بیت الله الحرام ئەو ئاوە دەردەچێت، ئەو ئاوە لەبن لاقی ئەو مندارەی دەربچی، ئەمما ئەثنای دەرچونی ئەو ئاوەی سەبەبی وجودی تەوحید بوو، تەوحید مەوجود بوو، ئەو منداڵە بووە موئەسیسی تەوحید لا اله الا الله لەو بوقعەیەی پاشی بابی ئیبراهیم.

ئەمما عمر بن لوحي كە ئەو شەخصە موجریمە بوو دیسان بە خەریطەی یەهود عەڕەبی لە تەوحید لادا لەبۆ شیرك، لەئەثنای تەوالیدی شیرك ئاوی زەم زەمیش سەبر سەبر ئینسیحابی كرد كەمبوو، ئەوجە ئایا خۆی كەمبوو؟ یان غوبارو ڕەمل و چونكی مەنطیقەكە صەحراویە وەكو بەحسمان كرد هاتبتە سەری ئاوی زەم زەم بزربوو؟

نوقطەی دووەم لەبۆئیرهاصات لەبۆ ئیعدادی هاتنی پێغەمبەرصلی الله علیە وسلم باری تەعالا حادیثەكی غەریب دروست دەكا ئەویش لەبۆ ئیسپات كردنی ئیعداد كردنی جەوی عەڕەب لەبۆ هاتنی نەبیەك، ئەویش سولالەی ئەو نەبیەی كە لە بیدایەت بە تەوحید هاتیە لە ئیبراهیم و ئیسماعیل و دەی سەبر سەبر عەدنان و هەتا دەگاتە عبدالمطلب بە نەقاء و صەفاء بمێنێ، لەعەین وەقتیش ئەضواء باری تعالی ضەوء سەحبكا لە وەسەط و لە بیئە لەبۆ ئەو عائیلەیە لەبۆ ئەو مەجموعە ئینسانە، فیعلەن ئەو مەجموعە ئینسانە كأنە قودرەتەك ڕەبانی فەوقی عەمودی لەسەریان هەیە بێ ئەوەی نەبی بن ئەمما ڕیعایەتەكی خاص لەبۆیان هەیە، ئەویش یەك لەو ئیرهاصاتانە عەبد المطلیب نەفەرەك بووە لە عائیلەك موەحید بووە خەون دەبینی كە باپیرەی پێغەمبەرمانەصلی الله علیە وسلم، خەون دەبینی كە زەم زەم لە فلان جێیە ئەمری پێدەكرێ ئەو جێیە هەر بكەنە، حەفرکە ئەویش حەفر دەكات بەتەنێ دەگاتە ئاوی زەم زەم، طەبعەن پێش گەیشتنی حادیثەكە لە كوتوبی سیرە مەوجودە ئیشارەتەكی لەبۆ هەیە لەصحاح پێش ئەوەی بگاتە زەم زەم، لەبەر ئەوەی بەتەنێ بووە یەك نەفەر بووە لەیەك عائیلە عەڕەبەكان قەبائیلی دین زۆر محاوەلە دەكەن لای دەن لەو فیكرەیەی، ئەمما ئەو لەبەر خەون دیتن خۆشی موەحید بووە، لە ئەحناف بووە لەسەر دینی حەزرەتی ئیبراهیم بووە، ئیدی قەناعەتی بەوەی هەبووە شتەك هەیە یەعنی ئیرادەك فەوقی هەیە لەسەری ئەو ئیشەی بكا.

كە هەردەستی حەفری بیرەكەی لێدەدا ئاو دەردەچی فیعلەن، ئەمما عەڕەبەكان ناهێلن قەبائیلی دی ناهێلن بەس خۆی تەسەیود بكا ببتە مەسئولی ئەو ئاوەی چونكی مەنطیقەكە بێ ئاوە، صەحرایە هەر ئەو بیرەشی لێیە ئەو بیرەش بەس عبدالمطلب ببتە ساحێبی، قبور ناكا نەفسیان تەحەمول ناكات، شەیطانیان مەجالیان نادا، ئیدی دەبتە موشتەمور لەبەینی عبدالمطلب و بەینی وانە لەبۆ وەی فیعلەن ئیثپات بكرێ دیسان یەعنی پاشی خەونەكەی، عبدالمطلب موئەیدە لە ئاسمانەوە حادیثە دەبی لەبۆ چونە ناو صەحراء، كاهینەك ببتە حەكەمیان لەبەینی خۆیی و بەینی ئەو قەبائیلانەی كە شەڕیان لەسەر بیرەكەی كردیە، دەچن چەند جارەك ئەوان لاقی دەوارەكانیان دەچیتە ناو ڕەمل بەس

عبدالمطلب دەمینێ حەتا لەجێیەك زۆر تێنیان دەبی، بە تەفصیل ئەوە لە کوتوبی سیرە خاصصەتەن ئیبن هیشام و ئیبن ئیسحاق و ئیبن سەعد و ئەوانە مەوجودە موفەصصەڵە زۆر ئەوەی حەز بکا موراجەعە بکا، حەتتا لەوێش تێنیان دەبی عبدالمطلب دەستی لەبۆ بن مەجموعە ڕەملەکی درێژ دەکات ئاوی لەبن دەردەینی لەبۆ وانیش، ئەوجە قەناعەتیان دێ ئەو کابرایە شتەکی لەدووە، ئیرادەك فەوقی هەیە لەسەری ئەویش مەقصەدی ئەوەندەیە، ئەو هەموو خەرائیطە فیعلەن باری تەعالا موسبەقەن جەزبی عەرەب بکا لەبۆ ئەو عائیلەیەی کە ئەو عائیلەیە موهیمەکیان هەیە.

ئەگەر ئێستا بی ئەو موستەقبەل بی ئەوجە لەو حالەتەی عبدالمطلب کە خۆی بەبەتەنێ دەبینی، خۆی فەقیر دەبینی خۆی بێ ساحێب دەبینی بێ کەس دەبینی لەوێ نەزر دەکات دەرێ یارەبی ئەگەر بێتوو دە کوڕم بدەیێ یەکەکیان نەزر دەکەم سەری ببڕم لەبۆ دینی توو لەبەر خاتری توو وەکو حەزرەتی ئیبراهیم، ئیشارەت هەیە لە قورئان حەزرەتی ئیبراهیم گەورە بوو دوو مەلائیکەت هاتن بەشارەتیان دایێ بە ئیسحاق و یەعقوب، حەتتا خێزانەکەی لەروی خۆی دەدا لە قورئان ئەوە مەوجودە، نەفسی حادیثە کأنە ئیعادە دەبتەوە، طەبعەن لە قورئان زۆر قیصەص هەیە لەبۆ پێغەمبەری ئیعادە بوبتەوە، کأنە حەیاتی پێغەمبەری لە قورئان بە شکلەکی وەکی شکلی ئەنبیاء و ڕوسول تەقدیم کرایە بێ ئەوەی هەتا ئێستا موئمینین حوسنی ئیستیفادەی لێبکەن، یەعنی کو حەزرەتی ئیبراهیم گەورە بوو لە عومر، عەمری سەدوو بیست سار بوو، عومری خێزانەکەی نۆهەد سار بوو، ئافرەتەکەی عەقیم بوو منداری نەدەبوو ئەوجە باری تەعالا حەزرەتی ئیسحاق و یەعقوبی دایێ، لێرەش عبدالمطلب گەورەیە لە عومر، ژنیشی منداری نابی ئەوجە تەمەننای کرد لە باری تەعالا، لەباری تەعالا تەمەننای کرد دە منداری بداتێ، دە کوڕی بداتێ باری تەعالا، فیعلەن باری تەعالا دە کوڕی دایێ، ئەوجە نەزرەکەی بینتەجێ پاش ئەوەی کوڕەکان گەورە دەبن هەر دەیان یەك لەوانە ناوی عەبداللەیە.

عەبدالله هەر کە دەگاتە موستەوای موڕاهیقی لە خەون دەبینی وەختی خۆی نەزری کردییە دەبی سەری ببڕی، ئەگەر باری تەعالا دە کوڕی بداتێ سەری یەکەکیان ببڕی، لەوێش عادەت ئەوها بووە یانەصیبیان هەبووە دەچی ئا ئەو لەو دە کوڕەی باری تەعالا کیهانی هەربژاردیە دەچتەکن یانەصیبی، ئەو شەخصەی کە لەسە یانەصیبی مەوجودە قەداحیان پێ گوتیە، سێ سەهم حەفتەی پێشترێ بەحسمان کرد سەهمەك بکە سەهمەك مەکە سەهمەك ئیعادە بکەوە، دەچتەکن ئەو صاحێب یانەصیبەی ئیشیان ئەوها ئەگەر هەر ئمورەك عەقلی تێدا ئیش نەکردبی نەتانن بەینی خەیر و شەر تەفضیل بکەن، فەرق پێبکەن، بەواسطەی یانەصیبی کردیتیان مەنهەجیان نەبووە، ئەل موهیم دەچتە کن ئەو صاحێب یانەصیبەی بەینی کوڕەکان ڕادەکێشی ناوی (عبدالله)ی دەردەچی، عبد الله موهەیەء بی لەبۆ سەر بڕینێ، عبدالله کێیە؟ بابی پێغەمبەریە صلی الله علیه وسلم.

(عبدالله)ی سەحب دەکا سواری حەیوانی دەکا بیباتە چۆلی سەری ببڕی، قەبائیلەکان ناهێلن، خارەکانی (عبدالله)ی ناهێلن، دەرێن کەواهین هەبووە ئەو وەختی، کاهینات پێشی ڕیسالەی پێغەمبەری عیلاقەیان هەبووە لەگەر ئاسمان عەن طەڕیقی جن، دەچتە کن کاهینەکی طەبعەن پاشی ڕیسالەی پێغەمبەری ئەو عیلاقەیە قەطع بوو، یەعنی عیلاقەی بەینی ئینسان و جن نەما سلبەن وە ئیجابەن، دەچتە کن کاهینەکی بە کاهینەکەی دەرێ مەوضوعەکی ئەوها هەیە ئەتو بزانی ئیستیفسارەك بکە، ئەویش پاشی چەند ڕۆژەکی جوابی دەداتەوە و دەرێ لەکنەنگۆ دییە یەعنی خوێن، خیندان، چ بی؟ بەینی عبدالله و بەینی دە حوشتری دیسان یانەصیب بکە قەدح لێدا، دییە لەکن (عبدالمطلب)ی وان دە حوشتر بووە، یەعنی هەر نەفەرەك نەفەرەکی بکوژی کە خین دەدا دە حوشتری دەدا، لەجیاتی ئەوەی عبدالمطلب (عبدالله)ی سەر ببڕي دە حوشتران دانێ، بە یانەصیب ئەگەر عبدالله دەرچوو دە حوشتر لەو دیوەی تەئمین کا کە سەری دەبری، دیسان ئەوە کە تیکرار کاتەوە یانەصیبیەکە تیکرار کاتەوە هەتا ناو لەسەر حوشتر دەردەچی ئەو وەختی قەناعەتی بینی کە فیعلەن باری تعالی یان ئاسمان ئەوان دەیانگۆ سەماء ڕازیە بەوەی کە ئێستا لەجیاتی ئەو (عبدالله)یەی حوشترەکان سەر ببڕێن، ئەو ئیشەی دەکا عبدالمطلب دەگەڕێتەوە دیسان مەجموعەی، جەماعەتی یانەصیبی بەینی عبدالله و بەینی ذەبحی دە حوشتران دادەنێن، سەحب دەکا یانەصیب عبدالله دەردەچی، دە حوشتر نەقل دەکات، دیسان سەحب دەکا هەر عبدالله دەردەچیت، دە حوشتر نەقل دەکات بەو حارەی هەتا دە جاران یەعنی سەد حوشتر دەبتە بەدیلی (عبدالله)ی، جاری یازدەمین سەحب دەکا حوشتر دەردەچی، بە صاحێب یانەصیبەکەی دەرێ دەرێ سێ جاریتکە ئیعادە بکەوە بزانین فیعلەن ئاسمان ڕازیە لەوەی یان نەء، سێ جاری دیکە پاشی وی سەحب دەکا دیسان هەر حوشتر دەردەچی، ئیذەن بە قەناعەتی خۆی ئێستا ئیرادەی ئاسمان لەسەروەیە کە حوشترەکان سەر ببڕێن ڕازیە بەوەی عبدالله بمینێ.

لۆیێ پێغەمبەرصلی الله علیە وسلم لە حەدیسەکی هەیە دەفەرمی: (أنا إبن ذبیحین)، حەزرەتی ئیسماعیل وەختی خۆی حەزرەتی ئیبراهیم لە خەون دیتی، (یا بني إني أری في المنام أني أذبحك فانظر ماذا تری، قال یا أبت افعل ما تؤمر ستجدني إن شاء الله من الصابرین)(الصافات: ١٠٢)، ئا ئەوە ذەبیحەکە حەزرەتی ئیسماعیل، (عبدالله)ی بابیشی بەو حادیثەیەی دەبیتە ذەبیحی دووەم، لۆیە پێغەمبەرصلی الله علیە وسلم فەرمویتی: (أنا إبن ذبیحین).

یەعنی دیسان لێرە باری تەعالا لەئاسمانەوە جەلبی ئەنضاری موجتەمەع دەکا کە شتەك هەیە خۆتان ئیعداد کەن، خۆتان حازرکەن لەبۆ ئیستیقبالی ئەو شتەی، ئەمرەك هەیە لەگۆڕێ خەریطەك هەیە فەوقی لە ئاسمانەوە دێتە خوارێ لەبۆ بەشەر، ئەو هەموو حالەتە زەم زەم و غەیری زەم زەم و

ذەبحی عبدالله و ذەبحی ئەو هەموو حوشترانە وە ئموریتکە کە هەمووی ئیعدادی حالەی نەفسیە زەمەنەن بەنسبەت عەڕەب و بیئەی عەڕەبی لەبۆ هاتنی یاخود ئیستیقبالی ئەو پێغەمبەرەی.

پاشان کە عبدالله قوتاری بوو لەو موشکیلەیەی، گەورە بوو، بووە گەنجەکی ڕێك و پێك و جوان لەهەموو مندارەکانی عبدالمطلب کەشخەتر و ڕێکترە، سپۆرت ترە، زۆربەی کچەکانی مەککە حەز دەکەن مێردی پێبکەن، لەوانە لەهەمویان زیرەك ترو عاقلتر ئافرەتەك هەبووە ناوی قەتیلە بووە، ئەو ئافرەتە عەڕافە بووە ناوی قەتیلە، زۆر محاوەلەی کردیە عبدالله بیهینی، زۆرجار خۆی ڕێك خستیە خۆی کەشخە کردیە چویتە بەرامبەری، چویتە ماڵیان خۆی عەرزی (عبدالمطلب)ی کردیە، لە ڕیوایەتەك دەریٚ قەتیلە لۆ وای دەکرد؟ پاشان دەردەچی قەتیلە خوشکی وەڕەقە بن نەوفەلە، ئەو وەڕەقە بن نەوفەلەی کە هەموو بیشاراتی وجودی پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم لەناو ئینجیل کەشف کردبوو، کو خەدیجە إن شاءالله دەرسی في حینیە بەحسی زەواجی پێغەمبەر دەکەین کو خەدیجە دەیزانی پێغەمبەرصلی الله علیە وسلم دەبتە نەبی پێش ئەوەی پێغەمبەر خۆی بەخۆی بزانی، ئەو قەتیلەیەش کە خوشکی وەڕەقە بن نەوفەلە دەزانی ئەو عائیلەیە شتەکیان لەدوو هەیە، لە حالەتی وجودی حادیثەی عبدالله کەشف دەکا کە عبدالله سڕەکی پێیە لەناو بەدەنی، لە پشتی، مەفهومی نبوەتە عەن طەڕیق دیراسەی ئینجیل، سڕی (عبدالله)ی وجودی نبووەتە، لۆیێ باری تەعالا ئائەو هەموو تەحەدیاتانە دەکا بەرامبەر وجودی (عبدالله)ی لەگەر کوشتنی (عبدالله)ی سەربڕینی (عبدالله)ی، حەتا عبدالمطلب کە دەریٚ ئەمن سەری یەك لەو کوڕانە دەکوژم شتەکی بیدعە بووە لەناو عەڕەب شتی وەها نەبووە، یەعنی هەمووی ئوسلوبی تەحەددیە، تەحەددیەك ڕەبانی لەبۆ بەعضە ئمور لە عەینی وەقتیش باری تەعالا حەلی لەبۆ دابنیٚ، هەمووش لەبۆ سەحبی ئەنضاری موجتەمەعی عەڕەبی و موجتەمەعی ئینسانی لەبۆ ئەو مەوضوعانە.

قەتیلە ئەخیر جار (عبدالله)ی دەبینی دەریٚ وەختی خۆی بە سەد حوشتری قورتار بووی هەر سەتت دەدەمیٚ، طەبعەن حوشتری ئەو زەمانی سوپەری ئێستا بووە، سەد حوشتر یەعنی سەد سوپەر، دەریٚ سەد حوشترت دەدەمیٚ وەختی خۆی بە سەد حوشتری قوتار بووی بمهینە بە سەد حوشتران، ئەمما کەعبدالله عەرضی بابی دەکا بابی ڕەفض دەکا، لۆ؟ دیسان ئیرادەك ڕەبانی هەیە لە ئاسمانیٚ نابی قەتیلە ببتە داکی محمد، ئیننەما ئافرەتەکیتکە دەبی هەربژێریٚ ئەو ئافرەتەش موەحیدە بی، موەحیدە بی هیچ وەقتەك سەری لەبۆ صەنەم نەهینابتە خواریٚ وەکو عبدالله، وەکو عبدالمطلب، فیعلەن پاشی ئەو ئەحداثانە بە فەترەکی کەم ئیختیاری داکی پێغەمبەر دەکریٚ ئامینە، هەتا ناوەکەشی چونکی ئەوەش ئیعجازەکی تێدایە، ئەو ناوانەی کە لە دەوروبەری ویلادەی پێغەمبەری بوینە هەموو ناوی هادیئن، ناوی بیٚ موشکیلەنە، مەثەلەن حەڕب نینە، قەتل نینە، فیتنە نینە، هەموو ناوی ئەمن و ئەممان و هیبە

و عەبد و شیفاء و حەلیمە و هەتا ناوەکان ئیعجازن، یەعنی باری تەعالا کە شتەك دەکا ئیختیاری هەموو جەوانییەك دەکات دیراسەی هەموو جەوانییەك دەکا، ئەوجا پاشان کەپێغەمبەرصلی الله علیە وسلم داکی پێغەمبەری ئیختیار دەکرێ لەبۆ (عبدالله)ی زەواجەکە دروست دەبی لەسەر زەواجی شەرعی کەئێستا چ نەوعە زەواجەك هەیە ئەو وەختیش بەو نەوعەی زەواج کرایە.

پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم نەقل دەبی لەبۆ زگی داکی، قەدەری خوای ئەوەهایە خەریتەی خوای ئەوهایە دەبی باری تعالی وەبکا پێغەمبەرصلی الله علیە وسلم بابی خۆی نەبینی، عەمری دوو مانگ بووە لە زگی داکی بابی وەفات دەکا، ئەویش بە سەبەبی تیجارەت بابی سەفەر دەکات لەبۆ شام، تاجیر بوینە دەوڵەمەند بووینە لە ئەثنای گەڕانەوەی لە ڕێی مەدینە نەخۆش دەکەوی لەوێ ئەمری خوای دەکا، ئەوە ئەحداثی پێشی ویلادەیە.

حەدەثەکی لەوانە هەموو جەببارتر عەظیمتر کە باری تەعالا لە قورئان سورەتەکی خاصی لەبۆ دانایە صورەتی الفیل(ألم تر کیف فعل ربك بأصحاب الفیل (الفیل ١)...الخ، ئەوەش نەوعە تەحەددیەکە، لەزەمانی پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم باری تەعالا جەلبی ئەنظاری صەحابە و عەرەبەکان دەکا قورەیش دەکا، ئەها تەمەشاکەن کو باری تەعالا حیمایەی بەیتی کرد کە جامیدە، کە مەجموعە بلۆکەکە لەسەر یەك داندرایە فەکەیفە حیمایەی عەبد وە ڕیسالەی خۆی ناکا کە لەناو سینگی ئەو عەبدەیە، (ألم تر کیف فعل ربك بأصحاب الفیل) تەحەددیە، ئەویش حادیثەکە ئەبرەهە عەمیلی ڕومەکان بووە لە یەمەن ڕومەکان عەفوەن، مەسیحینە، لەوێ هەرقەڵ ئیحساس بەوەی دەکا لەناو جە زیرەی عەرەبی نەوعە هات و چونەك هەیە غێر طەبیعی عەن طەڕیقی موخابەڕاتی ئەو زەمانی، مەوضوعەکەش ئەوەیە شعوری ئیحساس بە فیقدانی تەوازونی ئیمانی لە مەنطقە زۆر دەبی، عیلمەن ئەوان دینی موصطەنەعیان هەیە ئەگەر ئەو شعورە تەزایود بوو موحتەمەلە بەدیل دەربچی لەبۆ دینی وان، لەبۆ فکری وان، لەبۆوەی ئائەو شعورە تەزایود نەکا لەناو مەنطیقەی عەرەبی بەدیلەکیانی لەبۆ دانایە لەجیاتی بەیت مەثابەك دابنێ، ئەویش ئەمرئیصدار دەکا لەبۆ ئەبرەهە کلیسەك دروست کا لە یەمەن، کلیسەکی زۆر ضەخم دروست دەکرێ بە زێڕ، پارەکی زۆری لێ صەرف دەکرێ، لە جیاتی ئەوەی عەرەب بچن لە دەوری بەیت طەواف بکەن بچن لەکلیسەکە تەعەبود بکەن، هەم شعوری دینیان سەحب دەبی کە شعوری دینی عەرەب سەحب بوو، شعورەکانیتکەش تابیعی شعوری دینیە: شعوری ئیقطصادی، شعوری ئیماعی، شعوری سیاسی، عەسکەریە، هەموو وەلائیان لەبۆ ئەو وەختی ئەبرەهە دەبی بەواسطەی ئەو کلیسەیەی ئەبرەهەش عەمیلی ڕومە لەوێ، مەلیکی ڕوم هەرقەل ئیذەن ئا ئەو عەرەبانە هەموو وەلائی دەدەنێ ئەو وەختی

مەلیکی ڕوم، ئەو حالەتە ئەو وەضعە ئیستیقراڕیە لەبۆ خۆی ئیمتیصاص بکا، ئەو قەڕاڕە دەردەینێ فیعلەن ئەبرەهە ئەوەی دروست دەکا، ئەمما لەخەریطە فاشیلە لۆ؟

باری تەعالا ئەو شعورەی دانایە لە مێشکی ئینسان، چونکی دەرسی پێشترێ گوتمان باری تعالی بە حەزرەتی ئیبراهیم دەفەرموی: (وأذن في الناس) (الحج ٢٧) نالێ (في الموئمنين)، (وأذن في الناس بالحج يأتوك رجالا)، یەعنی شعور و قەلبی هەموو ئینسانەك ئەوەی ساحێب فیطرە بی بەس، لۆیێ هەر سارێ مەثەلەن ئێستا عەدەدی حوجاج الطائيف و عاكف و ڕەكەع و سجود لە بەیت زۆر دەبی، ئەوسار دوو ملیۆن و قصور بووە، ئایا هەمویان موئمینن؟ لەجەواب دەرێین نەخێر، زۆریان ناسن (یا أیها الناس)، موئمین عەدەدەکی مەحدودە تێیدا، ئەو شعورە وەختی خۆی بەدەست عەڕەب نەبووە ئەو موغناطیسیەتەی بەیت بەدەست عەڕەب نەبووە، ئیننەما فیطرەی ئەوها بووە بچتە بەیت شعوڕەکی دینی هەیە.

ئەبرەهە بەرامبەر ئەو شعوڕەی هیچی پێنەکرا مەجبور ئەوەندە بێ بەدیلی کلیسەی خۆی کە بەیتە لەناوی ببا، لۆیە مودەڕەعات و دەباباتی زۆری حازر کرد، مەجموعە فیلەك سێزدە فیل وە عومەلائی مەنطیقەشی بە پێشە خۆی دادا وە هاتن فیعلەن لەبۆ تێکدانی بەیت کێ حیمایەی بەیت بکا؟ عەڕەب،چ نەوعە عەڕەبەك؟ قوڕەیش، کێی قوڕەیش؟ ئائەوانەی دەورەمەند و هەموو حەیاتی مەلەذات و خۆشی و ژن و رابواردن بوینە، ئایا ئەوانە دەتوانن حیمایەی بەیت بکەن؟ لەجەوابدا دەرێین نەخێر، چونکی ناوی (بيت الله الحرام)ە، باری تەعالا حیمایە و ڕیعایەی بەیتی خۆی دەکا ئەها دەفەرموی (وأرسل عليهم طيرا أبابيل)(الفيل ٣) نەك قاضیفات و قەنابیل و صەواریخ، (طيرا أبابيل ترميهم بحجارة من سجيل (الفيل ٤) (فجعلهم كعصف مأكول)(الفيل ٥) یەعنی طەیرەکە، هەتا لە ڕیوایەتەك دەرێ هەر کافرەك هەر جوندیەك ناوی لەسە بەردەکەی نوسرابوو، دەبی ئائەو بەردە ئەو قومبەلەیە ئەو گوشیە بەو بەو جوندیەی بکەوی، لۆیێ تەیرەکە لێیدەگەڕا، تێی دەهاویشت، چشیان لێهات؟ بەدەمیان(كعصف مأكول) یەعنی کو دەوارەك کوڕەك کۆر ئەوەی بخوا شینایی بخوا، شینابیەکە عەدل بی جێیەکە جێ جێ بەجێی دێلی، یەعنی وەکو قومبولەی وەکو قاذیفەبە جێیەکی کەتبی ئەو مەنطیقەیە هەمووی کۆر کردیە بەدەنی نیوەی هینایتە خوارێ،(فجعلهم كعصف مأكول)، فیعلەن ئەوهایان لێهات، مەجبور هەموو تەشرذمیان کرد، هەموو هەراتن جنود، ئەوەش حادیثەکیتکە بوو گەورەتر لۆوەی فیعلەن باری تعالی حیمایەی حەتا بوقعەی جوغرافی تەواجوبی ئا ئەو نەبیەش دەکا، ئەو ڕەسولەش دەکا، ئیحتیرام و تەقدیرەن لەبۆ ڕەسولەکەی ئەوە ئەو حالەتە ئەو حادیثەی فیل پێشی پەنجا ڕۆژی ویلادەی پێغەمبەریە.

پاشی پەنجا ڕۆژی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم دێتە وجود، طەبعەن ڕیوایەت هەیە موتەعەدیدە کە ئامینە داکی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم کو وەصفی حەملی پێغەمبەر دەکا، دیسان لە کوتوبی سیرە زۆرە ئەوانە، حالی کو بووە؟ وەضعی کو بووە؟ وجودی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە هاتە سەر دونیا کو بووە؟... الخ، چەندی مەوثوقە چەندی مەوثوق نییە ئەمما ئەوانەی هەتا ئێستا بەحسمان کرد هەموو ئەدیلەی قورئانی لەسەر هەیە، باری تعالی دیسان ئەو هەموو ئیرهاصاتانە ئەو هەموو ئیعدادانە لەبۆ تەحەدی بیئەو طەبیعەت دەکا، ئەو دوو ئەثەرە فەعالەی کە حەفتەی پێشترێ بەحسمان کرد، لۆوەی ئیسپات بی لەبۆ بەشەریەت دەتانی لە وجودی ئەو هەموو ئینحیراف و ئەو هەموو تێکچونە فیعلەن ئەوەی بیەوێ باری تەعالا ڕیعایەتی بکا وفقی ویستی خۆی وە بینتە وجود وفقی ئیرادەی خۆی.

خودا تەوفیق بدا إن شاءالله حەفتەی دادێ لە خزمەتتان دەچینە خزمەت ئەو ئینسانە نازدارە محمد صلی الله علیه وسلم، ویلادە و پاشان ئەو فەترانە مهیمە صەعبانەی کەپێیدا چووە هەر لە یەك ساڵیەوە هەتا ئەخیری إن شاالله تعالی، أقول قولي هذا وأستغفر الله لي ولكم

---

کێ سوئال و ئیستفساراتی هەیە؟ :

(پرسیار): ئایا ئەوانەی دەچنە حەج هەموویان موئمینن؟

(وەڵام): بەنسبەت چونە حەج طەبعەن ڕوکنەکە لە ڕوکنی ئیسلام، حەج کردن روکنەکە لە روکنی ئیسلام، لە سورەتی ئالی عیمران دەفەرموێ لە نیهایەتی ئایەتەکە دەفەمی: (ومن كفر فإن الله غني عن العالمين)(آل عمران ٩٧)، بەڵێ بالضبط ئایەتەکەم لەبەر نییە ئێستا حالیەن، یەعنی باری تەعالا بەحسی دوو فیئە دەکات هەر لەناو حەج هەر لە بەیت، چونکی لەئەثنای دوعا کردنی حەزرەتی ئیبراهیم (وارزق أهله من الثمرات من آمن منهم بالله)(البقرة ١٢٦) حەزرەتی ئیبراهیم (نازانم جەنابت دەرسی پێشترێ لێرە بووی یان نەء) دوعای کرد یارەبی مەککە وە ئەهلی مەککە رزق بدە بە ثەمەرات، نەی فەرموو بە زراعەت، ثەمەر یەعنی ئینتاجی زیراعەی، لۆیە گوتمان ئەوانەی چوبنە حەج یان ئەوانەی گێیان لێبووبی چ سارەك چ زەمانەك بچنە حەج ئەو ثەمەراتە ئەو ئینتاجە زیراعیەی کە لەوێ مەوجودە موحتەمەلە لە زۆر جێی زیراعی مەوجود نەبی، مەثلەن هاوین و زستان شفتی لێیە ئەمما زستانان شفتی لەکنەمە نییە عیلمەن جێی ئینتاجی شفتیە، کە وای فەرموو باری تەعالا لەجوابی دوعای حەزرەتی ئیبراهیم دەفەرمی: (ومن كفر فأمتعه قليلا)، باشە ئەوەی موئمین بوو ئەوە ثەمەراتی پێدا، ئەدی ئەوەی کافر بوو هەر لە بەیت هەر لە مەککە ئەوەی کافر بوو

نابی ثەمەرات رزقی بدا، باری تعالی رزق دەداتە كوللی ئینسان، كوللی مەخلوقات، ئیذەن شەرت نییە كل ما موجودون في البیت موئمین بن، موتەفقین لەسەر وەی قورئان وەدەرێت طەبعەن، پاشان كە دەفەرمی: (وأذن في الناس بالحج)(الحج ٢٧) ئەو ئەذانە ئەذانی ئیطلاقە، ئەذانی ئیطلاقە، ئەوانەی كە چوبنە خاریج دووەلی ئەوڕوپی مولاحەظەی ئەوەی دەكەن هەتا ئەورووپیین ئیحساس بەو حالە دەكەن حالەكی غەریب بەنسبەت بەیت، لۆیەش موستەشریقین زۆر لەوەی دەدەن، موستەشریقین لە هەموو كوتوبی ئیستیشراق لە دوو شت زۆر تەئكید دەكەن:

یەكەمین قورئان.

دووەمین بەیت.

عیلمەن بەیت ئەو مەقامەی نییە لەكنەمە، لۆ؟ چونكی بەیت فیعلەن وەكو بوقعەكی جوگرافی موغناطیسی هەموو ئینسانی موئمین روی تێدەكات لە ئەثنای نوێژ، ئەگەر بەیت نەما وجهە نامینێ فولي وجهك شطر المسجد الحرام نامینێ ئەگەر بەیت نەما، ئیذەن بەیت فیعلەن مەثابەیە.

مەثەلەن كابرایەكی سلێمانی دێتە هەولێرێ بزر دەبیت بەس سەری برند كات بەواسطەی قەرای قەرات جێی خۆی دەبینیتەوە، قەلات بەنسبەت هەولێرێ مەثابەیە.

بەیتیش بەنسبەت لەسەر كوڕەی ئەرض بەنسبەت ئیمان ئەهلی ئیمان مەثابەیە، ماددی، (مثابة للناس)(البقرة١٢٥) باری تەعالا لە قورئان ئەوها دەفەرموی، ئیذەن ئا ئەو صەیحەیە كە وەختی خۆی حەزرەتی ئیبراهیم كردیتی بەنسبەت هەموو بەشەرییەت كردیتی نەك فیئەی مؤمینین، لۆیە دەفەرمی: (وأذن في الناس بالحج یأتوك رجالا وعلى كل ضامر یأتین من كل فج عمیق (الحج ٢٧)(لیشهدوا منافع لهم.)(الحج٢٨) مەنافع هەیە لەوێ، لۆیە مەثەلەن ئێستا كە گێمان لێدەبی مەثەلەن ئەمن خۆم گێم لێبووە وەختی خۆی لەناو مەككە خەلایەی حزبی شیوعی مەوجود بووە، لە ئەثنای حەج ئیجتیماعاتیان كردیە لەگەر یەك، مەثەلەن شیوعیینی فلان مەنطیقە هاتیە، ئیتیحاد سۆفیەتی عەناصری خۆی ناردیە، بەناوی حەج ئیجتیماعی ئیلتقاء كرایە، كو حەج ئێستا موئتەمەری عالەمییە لەبۆ موئمینین، عەینی وەقتیش ئەوانەش شتی ئەوهایان كردیە پاشان موخابەرات و... الخ زۆر شتیتكە هەیە، ئەوانە كێ دەرێ موئمینن؟ ڕاستە چوینە حەج هەرچی ئەنظیمە هەیە عەناصر و ئەوەی خۆی دەنێری بە میئات ئەگەر عەشەرات نەبی، كێدەرێ ئەوانە موئمینن، وەنییە؟ ئیتكە هیدیكە شتیتكە هەیە... الخ.

(پرسیار): ئەگەر باسی جن بكەی؟

وەڵام/ لە ئەدیانی سابقین شەوائیع و قەوانین جودا بووە لەگەر شەریعەتی ئوممەی محمد، یەك لەوانە بە واسطەی شەریعەتی ئوممەی (محمد)ی یەك لەوانە بە واسطەی شەریعەی ئوممەی موحەمەدی

نەسخ كرايە نەمايە لەقف كرايە ئەويش عيلاقەی ئينسان بە غەيبييات، مەغيب، هەرچی غەوائيبە بەنسبەت روئيەی بەشەری، يەك لەوانە جننە.
جن سلبەن وە ئيجابەن عيلاقەيان هەبوە لەگەر ئينسان ئەو وەختی، لۆيە باری تەعالا لە قورئان: (وأنه كان رجال من الإنس يعوذون برجال من الجن فزادوهم رهقا)(الجن ٦))، تێدەگەی برای من؟ عيلاقە هەبووە كاهين بزانە بە چ تەعاويضەك ئەو وەختی زانيتيان تانيتی جن لەبۆ خۆی تەسخير بكا، ئەوجە ئەوە عيلاقەكە بووە هەتا جن كە لە صورەتی ئەعەراف وابزانم دەفەرموی مەجموعە جن سواری پشتی ملی يەك دەبن: (إلا من استرق السمع فأتبعه شهاب مبين)(الحجر ١٨)وە حالەتی قەديمە هەر قەديمەن وەصيفەی جن بووە لايەزاليش ئەوها دەكەن، ئەمما باری تعالی ڕەصەدی دانايە هەر كە جن ئەوهايان كرد قاضيفەكيان لەبۆ دێ ڕەبانی ئائەوەی كە دەيويست ئيسراقی سەمع بكا يەكسەر دەيتاوينتەوە دەيهينتە خوارێ دەيكوژی، ئەو وەختی ئەوە مەوجود بووە ئەمما بەبێ ڕەصەد، لۆيە جن تانيتيان بەعضە شت نەقل كەن لە ئاسمانی يەكەم لەبۆ خۆارێ لەبۆ ئەو كاهينەی كە مەوجودە، ئێستا ئەوە نييە، بەهاتنی پێغەمبەری ئەوە ئيلغا بۆوە.
بەرێ بەرێ مەفهومی نەصر چييە لە قورئان؟ هەموو ئەنبياء دوو حالەتيان بەسەر هاتيە، هەموويان كوشن لە ئەثنای دەعوە توشی مەصاعب بووبن مەصاعيبەكە عەن طەريقی ئيحتيكاكی سلبی لەگەر بەشەر، بەشەر ئيستيعابی ريسالەی نەكرديە، مەشاكيلی لەبۆ رەسول پەيا كرديە، لەو حالەتە رەسول ئيحتياجی بە موناصر هەبووە، ئەو ناصرە پێويستيان پێی هەبووە بەشەر بووە، لۆيە مەثەلەن حەزرەتی عيسا دەفەرمی: (من أنصاري إلى الله) ئەنصاری من ينصروني: (قال من أنصاري إلى الله قال الحواريون نحن أنصار الله آمنا بالله واشهد بأنا مسلمون) (آل عمران ٥٢)، هەموو وەختەكی ئەو نەبييە يان ئەو رەسولە لە ئەثنای ئيحتيكاك كە موقابيل نەيتانی ئيمتصاصی دينی بكات بە عەداء لە بەرامبەری راوەستايە، لۆيە مەثەلەن حەزرەتی لوط دەڵێ: (قال لو أن لي بكم قوة أو آوي إلى ركن شديد)(هود ٨٠)) ناصری نەبوو، پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم عيتابی لێدەكا(عن أبى هريرة - رضى الله عنه - أن النبى صلى الله عليه وسلم قال « يغفر الله للوط إن كان ليأوى إلى ركن شديد ». البخاري مەعنای حەديث، لۆ؟ چونكی عەدەدی مؤمينين پێی زۆر كەم بوو لەو حاديثەيش هەر مؤمين نەبوو لەگەری، تێدەگەی برای من؟ لۆيی هەر صەحابەش هەر صەحابەش دێتە خزمەتی پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم، (قلنا له ألا تستنصر لنا ألا تدعو الله لنا قال... (البخاري)) نەصريان دەوێت، ئەوجە ئەو حالەتە بەشەريە بەنسبەت پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم حالەتەكی نەفسی بووە چونكی (وما النصر إلا من عند الله)(الأنفال ١٠))، لۆ؟ (إن تنصروا الله ينصركم)(محمد ٧)(إن تنصروا الله)، باشە ئەگەر ئەو پێغەمبەرە نەصرەتی خوای نەدات كێ نەصرەتی خوای دەدات، ئەمما كە بوعد

بەشەری یەعنی شعورییەن ئەوانە یەك كوتلە ئینسانن، یەك هەدەف جەمعیان دەكات، یەك ئیشیشیان هەیە یەك موهیممەیان هەیە، هەموو موەظەفن عنداللە، وەظیفەكەیان چییە؟ مەرحەلەی نیهائی وەضیفەیان ئیمان بەو ئینسانەی بینن كە محمد صلی اللە علیە وسلم، لەعەینی وەقتیش نەصرەتی بدەن، نەصرەتەكە یەعنی ئیعلای كەلیمەتی حەقی بكەن، نەك قەڵلغان هەڵگرن و دیفاعی حەربی لێبكەن، ئەوە نەصر نییە بە مەفهومی قورئانی، نەصری قورئانی عیززەتە ئیستعلائە دینیەن، واضحە برام؟ ئەوە مەفهومی قورئانی بە نسبەت نەصر.

بەڕێ عەفوەن ئایا عبداللە بابی پێغەمبەر لە سەر چ دینەك بووە؟ عەبداللە موەحید بووە، بەڕێ قەتیلە مەسیحی بووە، ئا مەسیحی بووە، عبداللە ریوایەی ئیستیقرائی مووەحید بووە، حەدیثەك هەیە كە پێغەمبەر صلی اللە علیە و سلم دەفەرمی: (ابی و ابوك في النار) زۆر ئەوەی لەسەر نییە چونكی بە ئەوەی قورئانی بە شەواهیدی قورئانی نابی، (وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا)(الإسراء ١٥)، ئەو قاعیدەیە هەیە ئەگەر بابی پێغەمبەری وە ئەژدادی پێغەمبەری وە هەموو ئینسانەك لەسەر كوڕەی ئەرز تەبلیغ و بەیانی حوجەی ڕەبانیان لەسەر نەكرابی نابی بهاوێشترێتە ناو جەهەننەم لەگەر عەدلی خوای موناقاتە.

كوفریش لە قورئان كوفر ئەنواعی هەیە: یەك لەوانە كوفری جەهل، غەیری كوفری ئینكارە، غەیری كوفری جوحودە، ئائەوانە هەمووی دەبی فەصڵ بكرێ، ئەگەر (عبداللە)ش (عبد المطلب)یش ئەوانە كافر بووبن كوفری جەهلن، كوفری جەهل لە قەرئان ناچتە جەهەننەم مەقامەكیتكەی هەیە رۆژی قیامەت، بەرێ سوئالی دی نییە خودا لەهەموو لایەك قبول بكات.